# تێڕامـــــان..

## بۆ ڕامانەکانی باران

ئومێد محەمەد
٢٠٠٠/٠٦/٢٩

چی لە بێدەنگی باشترە
بۆ ئەوەی ئەوین لەڕووی بێ
سەردانی ماڵی تەنهایی پاسارییەکانی بنار بکات!

سەرت بەرز بکەرەوە، هێندە ماندوو بووی
حەوسەڵەی تابلۆکێشانت نەماوە!
وەک مامزێکی دەشتەکی ڕێنادەی
فرمێسک چاوانت جێبێڵێ و
وەک هەورێکی پڕ باران دەگریەی!
تریشقەی چاوانت لە شەوا
تروسکەی ڕوناکی زەمەنی تاریکین

چی لە بێدەنگی باشترە
کە ئەوین ڕووی نەیەت خۆی دەرخاو
کە عەشق لە تولە ڕێکانی زەمەنا شەهیدبێ!!

هەڵمبگرە بۆ ئەوێ ئازیزم، ئەوێیەک
دوور لە ڤێلاکانی توڕەیی و
دوور لە تونێلەکانی ون بوون
دوور لە کیژانی دڵ پڕ لە هیوای ترسنۆک
دوور لە کوڕانی تا سەرئێسک بەزیوو لە هیوا

بمبە بۆ ئەوێ  برادەر
زەمەن هێندەی نەماوە ئاوابێ
لە فارغۆنەکانی ناوەڕاستی زەمەنا
قاوەیەکم بۆ بکرەوە هاوڕێ!

چەند چرکەیەک پێش ئێستا
بە زەردەخەنەیەکەوە ماندوو بووم
سبەی نازانم چڵی ئەم تەمەنە هەرزەیە
لە پاڵتۆی چ جەلادێ دەگیرێ و دەقرتێ!!!
سبەی نازانم  ماسی ئەم ڕووبارە وەستاوە
چەند ماسیگر تۆڕی خۆیانی تیا هەڵدەدەن!

دەستم بگرە هاوڕێ
بۆ ئەوەی لەم لێژیە دەربازبم
پێویستم بە سەرکەوتن هەیە..

چی لە بێدەنگی باشترە
کە ئەوین پێنەگرێ و
کە عەشق بۆ جارێ نەرمەپێ
لە بەردەم قەشەنگی شیعریکا
دەست نەکا بە سەما و هەڵپەڕکێ!